

## نەشمیل محەمەد پەیامنێری کوردستان تی ڤی بۆ چارەسەری ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت

**هاوار مورتکەیی**

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە لە شاری سلێمانی لەکاتی بەڕێوەچوونی یاریی نێوان هەردوو یانەی نەورۆز و شێروانە، لە قۆناغی چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان بۆ تۆپی پێ ,کە تیمی کوردستان تیڤی ڕوماڵی یارییەکەی دەکرد، لە کۆتایی یارییەکەدا بەهۆی دروستبوونی ئاڵۆزی و پشێوی، پەیامنێری وەرزشیی کوردستان تیڤی، خاتوو نەشمیل محەمەد لەگەڵ ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی دیکە کەوتە بەر پەلاماری پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان و لە ئەنجامی پاڵپێوەنانی، بەر زەوی کەوت و سەری بە توندی بە ستونێکی ئاسن دەکەوێت و لە ئەنجامدا بریندار دەبێت و لە هۆش خۆی دەچێت و دەگەیەندرێتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی.

دوای ئەم ڕووداوەش چەندان سەنتەر و ڕێکخراو نارەزایی توونیدیان نیشاندا لە ئاست ئەم کارە نەشیاوەی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانی سلێمانی دەرهەق بە نەشمیل محەمەد, لەوانە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و سەنتەری میترۆ و ڕۆژنامەنووس و وەرزشوانان.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش کوردستان تی ڤی ڕایگەیاند کە بڕیارە نەشمیل محەمەد پەیامنێری کوردستان تیڤی بۆ چارەسەرکردن ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێت ,بۆ ئەم مەبەستەش نووسینگەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتیی کوردستان تیڤی بەرپرسانی دیکەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەییان دەبڕیوە .

# لە ژێر دروشمی شاخڕەویی، پێشوازی لە نێرگز و نەورۆز

## دووەم کەرنەڤاڵی شاخەوانانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو





بەبەشداری زۆرترین شاخەوانانی هەرێمی کوردستان و بەدروشمی (شاخڕەویی، پێشوازی لە نێرگز و نەورۆز) دووەم کەرنەڤاڵی شاخڕەویی ئەنجامدرا، شاخەوانان لە پارکی هەواری شارەوە بەڕێکەوتن بۆ ناوچەی سەرگەڵو.

شاخەوانان لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانەوە بەشداری ئەم کەرنەڤاڵەیان کردبوو، ئامانج لەم کەرنەڤاڵە بۆ ئەوەی کە شاخەوانی بکرێتە کولتورێک بەوەی کە دەتوانرێت مرۆڤ تێکەڵی سروشت بێت، هەروەها لەم کەرنەڤاڵەدا زیاتر لە هەزار کەس بەشداری تێدا کربوو. لە کەرنەڤاڵەکەدا ژنان و کچان و هەروەها منداڵانیش بەشداریان کردبوو.

ئەندامی گرووپی شاخەوانانی سلێمانی، عومەر بەرکێو بۆ ئاژانسی ئانادۆڵوی گوتی: "ئێمە وەک کۆمەڵەی شاخەوانانی سلێمانی پێمان باش بوو ئەم کەرنەڤاڵە ئەنجام بدەین و هەروەها توانراوە زیاتر لە هەزار کەس لە شارو شارۆچکە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەشداری تێدابکەن".

گوتیشی: "ئامانجمان لە کەرنەڤاڵی شاخەوانانی بۆ ئەوەیە کە شاخەوانی بکرێتە کولتورێک بەوەی کە مرۆڤەکان تێکەڵی سروشت بکرێن و هەروەها بتوانرێت مرۆڤەکانی سروشتی جوانی کوردستان ببینن".

ئەو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە ئەم کەرنەڤاڵە وەک وەرزشێک ئەنجام دەدرێت کە بەدایکی وەرزشەکان ناودەبرێت و پێویستە زیاتر گرنگی پێبدرێت، هیواشی خواست خەڵکانێکی زۆر بۆ کەرنەڤاڵەکانی تر بەشداری بکەن چونکە سوودی زۆری هەیە.

نزار جەزا کە خوێندکاری زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانییە و تەمەنی 22 ساڵە لەو کەرنەڤاڵە بەشداری کردبوو، بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو گوتی: "ماوەیەکە نیازی ڕێکخستنی گەشتێکی شاخەوانیم هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی کە بیستیم کەرنەڤاڵێکی لەم شێوەیە هەیە، هاوڕێکانی زانکۆم ئاگادارکردەوە کە بەشداری بکەین، بۆیە چواردە کەس کۆبووینەوە و خۆمان ئامادەکرد کە بەشداری بکەین".

دەشڵێت "لە گەشتەکەماندا چووینە ناوچەی سەرگەڵو و ماوەی سێ کاتژمێر بەسەر شاخی سێکانیاندا شاخڕەویمان کرد، ئەوەی لەو ڕێگایە تێبینیم کرد، شاخەوانەکان هەموویان وەک خێزانێک بوون و هاوکاری یەکتریان دەکرد، ئەو هاوکاری و مرۆڤ دۆستییەیان وای لێکردووم بۆ گەشتەکانی دیکەی کۆمەڵەی شاخەوانی سلێمانی بەشداریی بکەم".

گوتیشی: "ئەم گەشتەی کردمان، گەشتێکی وەرزشییە کە سوودی تەندروستی هەیە و هەوای پاک هەڵدەمژین و دووردەکەوینەوە لە جەنجاڵی ناو شار و تێکەڵاوی سروشت دەبین، هەروەها لە رووی کۆمەڵایەتییەوە باشە کە کۆمەڵێک هاوڕێی نوێ دەناسین، بۆیە گرنگە خەڵک بەشداری ئەم جۆرە گەشتانە بکات و ببێتە کولتورێک لەناو خەڵکدا".



## مەریەم عەبدولحەمید لەهەڵدانی بەرز لەسەر ئاستی عێراق ژماری پێوانەیی شکاند

**ئا: سەرهەنگ نەجمەدین**

مەریەم عەبدولحەمید کچە یاریزانی شاری هەولێر لەچالاکیی هەڵدانی بەرز لە یاری گۆڕەپان ومەیداندا، بۆ یەکەمینجارە ناوبراو بتوانی ژمارەی پێوانەیی لەسەر ئاستی عێراق بشکێنێت و ئەو ژمارەیە بەناوی خۆی تۆمار کرا.

کچە یاریزانی پێشووی هەڵدانی بەرز خاتوو کەوسەر نیعمەت پێش 39 ساڵ بەر لەئێستا ئەو ژمارەیە بەناوی ئەو تۆمار کرابوو کەتوانی لەهەڵدانی بەرزدا 183سم تۆمار بکات، بەڵام یاریزان مەریەم عەبدولحەمید ئەم ژمارەی بەشایستەیی شکاند و دوای ئەوی لەهەڵدانی بەرزدا توانی 173سم بەناوی خۆی تۆمار بکات و ژمارەی پێش 39 ساڵ بەر لەئێستا بەناوی ئەو کچە ناوبراوەی کەلەسەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە بشکێنێت.

مەریەم عەبدولحەمید بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری بەتوانای شاری هەولێر ڕەعد ئەسکەندەر ڕۆژانە لەیاریگای فرەنسو هەریری مەشق وراهێنان دەکات، سەرەرای نەبوونی هاوکاری وپاڵپشتەیەکی تەواو بۆ ئەو یاریزانە ئاست بەرزو بەتوانایە، بەڵام ناوبراو بوێرانە لەناو شاری بەغدا توانی بەناوی یانەکانی کوردستان بەشداری لەپاڵەوانیەتیەکە بکات و ژمارەیەکی پێوانەیی بشکێنێ و لەهەمان کاتدا بەئەنجامێکی گەورە گەرایەوە هەرێمی کوردستان.





## کچانی بادمنتۆنی ئەکاد و ئاسووری پلەی یەکەمی عێراقیان بەدەستهێنا

**ئا: سەرهەنگ نەجمەدین**

لەرۆژانی هەینی وشەممە پاڵەوانیەتی بادمنتۆنی یانەکانی عێراق لەسەر ئاستی کچان لەهۆڵی ئەکاد لەشاری هەولێر بەرێوەچوو، کەتیایدا 17 یانە بەشداریان لەپاڵەوانیەتیەکە کردبوو تەنها ماوەی دوو رۆژی خایاند ، رکابەرییش لەسەر هەردوو پاڵەوانیەتی تاکی کچان ودووانەی کچان واتە (فرەقی وزەوجی)دەکرا.

لەپاڵەوانیەتیەکەدا کچانی یانەی وەرزشی ئەکاد کۆنترۆڵی هەردوو یاریی دووانەیان کردبوو، هەروەها یانەی ئاسووری بەغدا لەیاری تاکی پلەی یەکەمیان بەدەستهێنا .

ئەنجامی ڕیزبەندی کۆتایی بەمشێوەیە بوو:

1- ئیناس خالید لەیانەی ئاسووری 2-سانا جەمال لەیانەی ئەکاد 3- رومراما شمائیل لەیانەی ئەکاد 4- عولا سەبری لەیانەی سەلام

لەرکابەری دووانەی کچاندا هەردوو کچە یاریزانی یانەی ئەکاد (رومراما شمایل وسانا جەمال) بوونە پاڵەوان و دوای ئەوەی توانیان لەیاری کۆتایی لەهەردوو کچە یاریزانی یانەی سەلام (عولا سەبری وزەینەب سەبری) بەئەنجامی (0-2) گێم ببنەوە،ئەنجامی گێمەکانیش بەمشێوەیە بوو:)(18-21)(23-25) ، ڕیزبەندی کۆتایی دووانە بەمشێوەیە بوو:

1- رومراما شمائیل وسانا جەمال یانەی ئەکاد
2- عولا سەبری و زەینەب سەبری یانەی سەلام
3- هانا سائیر ودەلال یوسف یانەی ئەکاد

لەمباریەوە سەرۆکی یەکێتی بادمنتۆنی عێراق پیشتیوان مەجید بۆ خەبات رایگەیاند: خۆشبەختانە پاڵەوانیەتیەکە بەسەرکەوتوویی بەکۆتاهات، لەپاڵەوانیەتیەکەدا هەشت یاریزان بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق دەستنیشانکران کەبریتین لە(رومراما شمائیل، سانا جەمال، هانا سائیر، دەلال یوسف) لەیانەی ئەکاد، (عولا سەبری، زەینەب سەبری) لەیانەی سەلام، (شەنگە عەدنان ) لەیانەی سۆلافی نوێ،(ئیناس خالید) لەیانەی ئاسووری.

# دوای دابڕانێکی زۆر.. ڕۆناڵدۆ یەکەمین گۆڵی بۆ بنزیمە دروستکرد

ئەستێرەی پرتوگالی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لەکۆتاییدا توانی گۆڵێک بۆ هاوڕێکەی کەریم بنزیمە لەم وەرزە دروست بکات، دوای دوو مانگ و نیو. ڕۆناڵدۆ لەم وەرزەدا کارێکی باشی ئەنجامداوە بەدروستکردنی گۆڵ بۆ هاوڕێکانی بەتایبەتی لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، کە تاکو ئێستا خاوەنی 6دروستکردنە، هەروەها گەیشتە دروستکردنی چوارەمین گۆڵ لەخولی ئیسپانیا لەم وەرزە. بەڵام ڕۆناڵ لەماوەی رابردوو نەیتوانیبوو هیچ گۆڵێک بۆ کەریم بنزیمە تۆمار بکات، بەر لەیاری ئەتلەتیک بلباو کە توانی کەریم تەنها بەرامبەر گۆڵچی بهێڵێتەوەو ئەویش بە ئاسانی گۆڵ تۆمار بکات. ڕۆناڵد لەماوەی 14 مانگی لەدوای یەک هیچ گۆڵێکی بۆ بنزیمە دروست نەکردووە، بەدیاریکراوی لەدوای گۆڵی پێنجەمیان بەرامبەر دیپۆرتیڤۆ لاکەرۆنیا لەشوباتی 2016دا. ئەمەش دووەم گۆڵ بوو ڕۆناڵدۆ بۆ بنزیمە لەسەردەمی زیدان دروستی بکات.

